نكتب قصة حياة جديدة معا

Together we will write a new story

پێکەوە چیرۆکی نوێ دەنووسینەوە

2017

BCF
BARZANI CHARITY FOUNDATION

الهـــلال الأحـمر الإمـاراتـــي
Emirates Red Crescent

پێکەوە چیرۆکی نوێ دەنووسینەوە

دەزگای خێرخوازیی بارزانی و مانگی سووری ئیماراتی
هاوسەرگیری بەکۆمەڵ لە هەرێمی کوردستانی عێراق ئەنجامدەدەن

ناوی پرۆژە: هاوسەرگیری بەکۆمەڵ
سروشتی پرۆژە: پرۆژەیەکی ئایینی و کۆمەڵایەتیە
لایەنی سپۆنسەر: مانگی سووری ئیمارات
ساڵی چاپ: 2017

ئۆفیسی سەرەکی دەزگا: هەولێر ـ شەقامی شۆڕش ـ تەنیشت کڵیسای مارقەرداغ شەهید Tel: +964 07504031000 -07504031001
ئۆفیسی هەولێر: هەولێر ـ شەقامی شۆڕش ـ نزیک کڵیسای مارقەرداغ شەهید Tel: +964 07512613030
ئۆفیسی کەرکوک: کەرکوک ـ نور ستی خانووی ژمارە (168) Tel: +964 07515040837
ئۆفیسی سلێمانی: گەڕەکی ئاشتی ـ سەروی فولکەی خاڵە حاجی ـ تەنیشت قەسابخانەی قوبادی Tel: +964 07501035001_07501035002
ئۆفیسی دهۆک: تەناهی بەرانبەر زانکۆی نەورۆز Tel: +964 07508196670 -07508196671
ئۆفیسی گەرمیان: کەلار ـ شەهیدان ـ بەرانبەر نەخۆشخانەی شێرەی نەقیب Tel: +964 07706843483_07706969910 - 07703517306
ئۆفیسی شەنگال: نەینەوا/ چیای شەنگال Tel: +964 07511720451

@barzanifoundation
barzanifoundation
Barzani Charity Foundation
Barzani Charity Foundation
@barzaniCF
www.bcf.krd
info@bcf.krd

سوپاس و پێزانین

دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەردەوام هیمەت و کۆمەك و هاوکاری ئەو ڕێکخراو و ولاتانەی لەبەر چاوگرتووەو بە بەرزی نرخاندویەتی و وێنایەکی جوانی پێبەخشیوە. ئەو ڕێکخراو و ولاتانەی لە ناڕەحەتیەکاندا پشتی ئێمەیان گرتووە و پێکەوە پرۆژەوی پڕ بایەخ و سەرکەوتوویان ئەنجامداوە کاریگەری ئەرێنی بەسەر کۆی گشتی سودمەندانەوە بووە. سەرکەوتنی هەر پرۆژەیەك پێویستی بە ڕەخساندنی هەلومەرج و هەنگاوی جدیی و کرداری و گرتنەبەری ڕێوشوێنە پێویستییەکان هەیە، لەم مەراسیمە خنجیلانەیەدا، کە بۆ 214 کچ و کوڕ لەچوارچێوەی 107 بوك و زاوادا بەیەکگەیشتن، ئەم هەنگاوە لەڕووی کۆمەلایەتییەوە جێی بایەخ و سەرنجدانی زیاترە. ئەمەش لەپێناو دووبارە دەستپێکردنەوەی ژیانێکی تازە و دوور لە کێشەو گرفتەکانی ئاوارەیی و پەراگەندەیی. بۆیە بەپێویستی دەزانین سوپاس و پێزانینی بێپایانی دەوڵەتی ئیمارات و کونسولگەری ئیمارات و مانگی سووری ئیماراتی بکەین، کە بەردەوام لە پرۆژەی جۆراوجۆر و نمونەییدا لەگەڵ دەزگای خێرخوازیی بارزانی هاوبەش و هاوکارمان بوون و ئومێدی سەرکەوتنی زیاتریان بۆ دەخوازین.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی دەزگایەکی ناحکومیی و ناسیاسی و قازانج نەویستە لە ساڵی 2005 لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دامەزراوەو بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی دەستەی دامەزرێنەرانی دەزگای خێرخوازیی بارزانییەو راستەوخۆ سەرپەرشتیاری کارەکانی دەزگا دەکات.

دەزگا بۆ دەستپێکی ئیش و کارە خێرخوازییەکانی، مۆڵەتی کارکردنی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لەچوارچێوەی رێکخراوە ناحکومیەکان وەرگرتوە. بەهۆی فراوانبونی کارو چالاکیەکان و بەهاناوەچونی ئاوارەو پەنابەران لە سنورەکان و ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا وایکرد رێکخراوە جیهانیە بەناوبانگەکان پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵدا ببەستن و هاوکاری و هەماهەنگی زیاتر لەنێوانیاندا دروست ببێت. بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکان و بەڕێکخراوەییبوونی ئیشوکارەکانی دەزگا بوە هۆی ئەوەی لە کۆبوونەوەی مانگی نیسانی 2016ی کارگێڕی و هەماهەنگی نەتەوەیەکگرتووەکان، بڕیار درا دەزگای خێرخوازیی بارزانی وەکو رێکخراوێکی ناحکوومی ببێت بە ئەندامی راوێژکاری تایبەت لە ئەنجوومەنی ئابووری کۆمەڵایەتی (ئیکۆسۆک- ECOSOC)ی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە بنەڕەتدا کار بۆ گەیاندنی هاوکاری بۆ خەڵکی لێقەوماو و کەمدەرامەت و ئاوارە و پەنابەر دەکات. گرنگی بە پەرەپێدانی بواری پەروەردە (بەتایبەتی پەروەردەی منداڵان) و باشترکردنی رەوشی تەندروستی و دابینکردنی پێداویستی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان لە کوردستان دەدات.

هەروەکو چۆن دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەناوی (بارزانیی نەمر)ەوە (1903-1979) ناونراوە، وتەیەکی ئەو کەسایەتیە سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و مێژوویییە کە دەڵێ (شانازییە بۆ مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت) فەلسەفەی کاری دەزگاکە پێکدێنێت. لێرەوە، سەنتەری پرۆژە خێرخوازییەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی (مرۆڤە). بۆیە لە هەر کۆمەڵگەو سنووریکی جوگرافیدا مرۆڤەکان پێویستیان بە هاوکاری مرۆیی هەبێ لە سێکتەرەکانی (خۆراکی، پەروەردە، رۆشنبیری، تەندروستی، کۆمەڵایەتی و هونەری) دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە ئەرکی خۆی زانیوەو دەزانێت کە هاوکاری پێشکەش بکات و کەمتەرخەمی نەکردووە. لە ئەنجامی نەبوونی دەزگایەکی خێرخوازیی خۆماڵی بۆ ئەوەی هاوکاری خەڵکی هەژارو کەمدەرامەتی کوردستان بکات، دامەزراندنی (دەزگای خێرخوازیی بارزانی) پێویستیەکی هەنوکەیی بوو. جگە لەوە، لەدوای تێکچوونی باری ئارامی ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق و وڵاتی سوریای دراوسێ، پەنابەرو ئاوارەکان پێویستی زۆریان بە هاوکاری هەبووە وەکو (خۆراک و جلوبەرگ و داوودەرمان و کەرەستەی تەندروستی... هتد). ئەم دەزگایە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە ئەو بۆشاییانەی پرکردۆتەوەو رۆژ لەدوای رۆژ بە بەرنامەی پێشکەوتووتر و لەسێکتەری جۆراوجۆردا خزمەتی بەو کەسانە کردووە کە پێویستیان بە خزمەتکردن بووە. دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە پیرۆزە زیاتر پشتی بە خەڵکی خێرخواز و مرۆڤدۆستی کوردستان بەستووە، دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی سەرەکی خەڵکی خێرخواز و دەوڵەمەندی کوردستان هاوکاری ماڵی (فەند)ی پرۆژەکانی ئەم دەزگایە دەکەن کە جێگەی دەستخۆشی و پێزانینە. هەروەها بەهاوبەشی لەگەڵ ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان و رێکخراوە خێرخوازیی و مرۆییە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتانی هاریکاربەخش رۆژانە یارمەتی مرۆیی پێشکەشی پەنابەرو ئاوارەکانی وڵاتانی سووریاو عێراق دەکەین.

ئۆفیسی سەرەکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە هەولێرە و سەرپەرشتی (14) کەمپ لە سنووری پارێزگای هەولێر بە هاوکاری دەستەی هەماهەنگی قەیرانەکان لە هەولێر دەکات ئۆفیسی لە (دهۆک، هەولێر، سلێمانی، گەرمیان، شنگال، کەرکوک)ش هەیە. هەروەها لە ئیدارەی گەرمیان و پارێزگای کەرکوک و سەرجەم کەمپەکاندا ئۆفیس، سەنتەر، یان نوێنەری هەیە. کارو چالاکییەکانی لە لایەن تیمێکی پرۆفیشناڵ و شارەزاوە جێبەجێ دەکرێن.

BCF
BARZANI CHARITY FOUNDATION
BCF

ئەم پرۆژەیە یەکێکە لە و پرۆژانەی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەهاوبەشی لەگەڵ مانگی سووری ئیمارات بەسەرکەوتوویی بەڕێوەی بردووە و توانرا بەو پالپشتییانەی دابینکران، ژیانێکی نوێ بۆ سەدان کچ و کوڕی ئاوارەو پەنابەرو کورد و عەرەب بە ئایینە جیاجیاکانیشەوە دروست بکرێت. بێگومان دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەشێکی زۆری پرۆژەکانی، بە هاوبەشی و هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوە مرۆییەکان و وڵاتانی کۆمەکبەخش و هاریکار ئەنجام دەدات و جێبەجێکردنی هەر پرۆژەیەك ئامانجی خۆی دەپێکێت. دەیان پرۆژەی گرنگمان لەگەڵ ژمارەیەك وڵات و کونسولگەری و رێکخراوی خێرخوازیی و مرۆیی جیهانیی ئەنجامداوە. لێرەدا بە تێکڕا سوپاسیان دەکەین و ئومێدی بەردەوامبوونیان بۆ دەخوازین.

ئێمە بەردەوام هیمەت و کۆمەك و هاوکاری ئەو رێکخراو و وڵاتانە لەبەر چاو دەگرین کە لەکاتی تەنگانەو رووداوە نەخوازراوەکانی ئاوارەبوون و پەنابەرییدا، پشتگیرییمان دەکەن بۆ کاری مرۆیی. سوپاس و پێزانینیان ئاڕاستە دەکەین و ئەوان هۆکاری بەردەوامی و جێی ئومێدمانن. سوپاسی تایبەتیشمان بۆ مانگی سووری ئیماراتی هەیە کە پشتیوانی چەندین پرۆژەی وەك (پرۆژەی چاودێریی ئازیزان) بۆ هاوکاریکردنی منداڵانی بێباوك دەکەن. هەروەها بەشداریەکانی ئەوان بەرز دەنرخێنین لە هاوکاری و پشتیوانیکردنی ئێمە لە دروستکردنی نەخۆشخانەو دابینکردنی پێداویستیە تەندروستیەکان و دابینکردنی خۆراك بۆ ئاوارەکان و کردنەوەی چەندین پرۆژەی گرنگی تر کە سەرجەمیان خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکەن و جێپەنجەیان نەخشاندوە.

لەم ئاهەنگی هاوسەرگیرییەدا کە تێیدا (٢١٤) کچ و کوڕ لە کەرنەڤاڵێکی گەورەو کەموێنەدا بەیەکگەیشتن، دەرگای ژیانێکیان نوێژیان بەڕوودا کرایەوە ئەم کچ و کوڕانە پێشتر بەهۆی چەند کێشە کە لەمپەری بۆ دروستکردبوون وایکردبوو پرۆسەی هاوسەرگیرییان بەنیوەچڵی بمێنێتەوە، دەزگای خێرخوازیی بارزانی و مانگی سوری ئیماراتی پێکەوە ئەم ئەرکە ئایینی و کۆمەڵایەتییەیان ئەنجامدا و توانی خەونی هەموویان بەدی بهێنێت.

لە ئاهەنکێکی رازاوەدا کە لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو، چەندین وتاری بەخێرهاتن و پیرۆزبایی پێشکەش بە لایەنی جێبەجێکار و بوك و زاواکان و کەسوکاریان کرا، لەگەڵ چەندین نمایشی جۆراوجۆری هەڵپەڕکێ و گۆرانی کە تا درەنگانێك بەردەوام بوو. رۆژانی دواتریش تیمەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەهاوکاری لەگەڵ مانگی سووری ئیمارات، کەلوپەل و پێداویستی ناومااڵەی وەك (بەفرگر، سیستەمی نوستن، دۆشەك و بەتانی، جلوبەرگ، پارسێلی خۆراك)یان بەسەردا دابەشکرا.


214
کەمپی ئاوارەکان
دیهەگە 12
سێودینان 10
حەسەنشام 9
کەمپی پەنابەران
قوشتەپە 1
کەورگۆسک 1
دەرەوەی کەمپەکان
هەولێر 69
کەرکوک 3
تکریت 2



شەڕ جگە لە ماڵوێرانی و کاولکاری و کوشتوبڕ، زۆر کارەساتی تر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە کارەساتی شاراوەن بەڵام زۆر گرنگن و کاریگەری لەسەر ئایندەی قوربانیانی شەڕەکە بەجێ دەهێڵن. ئەوەی لەپشت ئەم کارەساتانەوە دەمێننەوەو بە موعجیزە لەناو تۆپ و دووکەڵ و شەڕ و بۆردومان و خوێندا رزگاریان دەبێت، هەژارو بێدەسەڵاتەکانن، قوربانییەکان چەندە زۆربن چارەسەری کێشەو گیروگرفتانیش هێندە ئاڵۆزتر دەبن، بۆ چارەسەری مامناوەندی ئەو کێشەو گرفتانەی رووبەڕووی خێزان و تاکی ئاوارەوە دەبێتەوە، زۆر ڕێگەو ڕێوشوێنی پێویست هەن دەکرێ بگیرێتەبەر. ئەوەش هەریەکەیان دەمێنێتەوە سەر ئیمکانیەت و چۆنێتی توانای هەڵسوڕاندنی کاروبارەکان.

لەناوخۆی عێراقدا بەشمەینەتترین قوربانی دەستی شەڕو ململانێی سیاسی و نەتەوەیی و ئایینی دەبن، ئەوانەن لە ماڵ و حاڵی خۆیان پەڕاگەندە دەبن و ڕوو لە ناوچەیەکی دیکە دەکەن و پێیان دەگوترێت (ئاوارە). ئەوانەی لەدەست کوشتن و لەناوچوون هەڵدێن و پەنا بۆ پەناگەیەکی ئارام دەبەن، دواییەن ئومێد و خەونەکانیان بەو شوێنەوە گرێدەدەن کە دەزانن ئۆقرەیی و ژیانێکی ئارامیان لەوێ بۆ فەراهەم دەبێت.

هەرێمی کوردستانی عێراق پەناگەیەکی ئارامە بۆ پێکەوەژیان، بارودۆخەکانی پێنج ساڵی رابردووی ناوچەکە وایکرد، ئەم پەناگەیە بەرفراوانتر ببێت، بەخوێندنەوەکانمان لەگەڵ بارودۆخە ئاڵۆز و تێکچوەوەکانی وڵاتانی دراوسێمان، ئەوەمان بۆ ڕوونتر دەبێتەوە کە بەڵێ هەرێمی کوردستانی عێراق لانکی دووەمی دووبارە دروستکردنەوەی ژیانە. چ ژیانێك؟ ئەو ژیانەی کە مرۆڤەکان بەرەو ڕووی کۆچ دەکەن و وەك دوا مۆڵگەی ئارامی پەنای بۆ دەبەن و دووبارە دەست بە ژیانێکی نوێ دەکەنەوە.

هەرێمی کوردستانی عێراق لەرابردوو و ئێستادا شوێنی پێکەوەژیانی نەتەوەو ئایین و ئایینزاکان بووە بە ڕەنگاڵە مەزهەب و بیرکردنەوە جیاوازەکانیشەوە. لەئێستاشدا بەهۆی خراپبوونی بارودۆخی نالەباری ناوچەکانی عێراق و بەردەوامی شەڕ و کوشتارو هەڕەشەی تیرۆرەوە، ڕۆژانە بەسەدان خێزان و تاك لەو ناوچانەی دووکەڵی ڕەش ئاسمانی شارەکانیانی داپۆشیوە، سەری خۆیان هەڵدەگرن.

بە پێی ئامارەکانمان کە ڕێکخراوە بیانییەکانی پەیوەندیداریش پشتڕاستی دەکەنەوە ڕێژەی ئاوارەبوون لە عێراق و ئەوانەی ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، لە ملیۆن و نیوێك کەس تێپەڕ دەکات، ئەم ڕێژەیە لەزۆر ڕووەوە پێویستیان بە کۆمەك و هاوکاری و دووبارە هەڵسانەوەیان هەیە. ڕاستە بەشێك لە ئاوارەکان لەناو شارەکانی کوردستاندا گیرساونەتەوەو لەتوانایاندایە ئیمکانیەتی ژیانیان دەستەبەر بکەن، بەڵام ئەی ئەوانەی لەناو کەمپەکاندا بە سەرماو گەرما ژیان بەڕێ دەکەن، چییان بۆ بکرێت؟ چۆن دووبارە دەست بە تۆمارکردنی ژیانێکی نوێ بکەن؟، ئەو هەنگاوانەی چین کە پێویستە بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەو بوژاندنەوەو هەڵسانەوە سەرپێی خێزان و تاکی ئاوارە بنرێن؟ بێگومان زۆر شت و ڕێگاو هەنگاو هەن، بەڵام سەرجەمیان پرۆژەو پلان و نەخشەی کارکردنی دوورمەودای پێویستە.

وەك دەزانین، بەهۆی ئاوارەبوونەوە، تاك و خێزانەکان تووشی پەرتەوازەیی و تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی و تێکدانی خێزان و دەیان گیروگرفتی دیکەی کۆمەڵایەتی و دەروونی دەبنەوە، بۆ دووبارە هەڵسانەوەی ئەم چین و توێژانە، دەبێت هەوڵبدرێت دووبارە وێنە جوانەکانی ژیانیان پێ نیشان بدرێتەوە، ئەو کێشەو گرفت و ئاستەنگانەی لەرابردوودا بەهۆکارە جیاوازەکان رووبەڕوویان بۆتەوە، هەوڵبدرێت بەشێوەیەکی شایستەتر بەژیانی واقیع بیانگونجێنینەوە. ئەمە چۆن دەکرێ؟ بێگومان پێویستمان بە بەرنامەو کاری هاوبەش و پرۆژە دەبێت. بەڵێ مرۆڤ لە قۆناغەکانی ژیانیدا رووبەڕووی دەیان گیروگرفت و شەڕو ماڵوێرانی دەبێتەوە، سەرەڕای ئەو ناخۆشی و ناسۆریانەی بەسەریاندا دێت، دەتوانن جارێکیتر هەستنە سەر پێیەکانیان و بە ئومێدەوە بڕوانن بەهاوکاری یەکتر ئایندەو ژیانێکی خنجیلانە دەستپێبکەنەوە.

ئامانجە گرنگەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی زۆرن، جگە لە هاوکاریکردنی خۆراکی و دابینکردنی پەناگەو دالدەدانی ئەو سەدان هەزار ئاوارەیە، بیری لەوە کردۆتەوە دووبارە ڕۆح بەو جەستانەدا بکاتەوە کە شەڕو دوکەڵ و ئالۆزییەکان، جوانیەکانی ژیانی لێ سەندونەتەوە. دەزگای خێرخوازیی بارزانی خەونی زۆر لە ئازیزان و بێنەوایان و بێدەرەتان و کەمدەرامەت و لێقەوماوی بەدیهێناوە، هەوڵیشیداوە بەردەوام دەست لەناو دەست لەگەڵ خۆشی و ناخۆشییەکانیاندابێت.

بەگشتی ئامانجە گرنگانی ئەم پرۆژەیە بریتییە لەوەی، بەڵێ مرۆڤەکان توانایان زۆر لەوە زیاترە دووبارە دەست بە ژیانێکی نوێ بکەنەوەو ئەوەی لە رابردوودا رووبداوە بۆ مێژووی هەڵبگرن و دەست بە ژیانێك بکەنەوە کە سارێژکەرەوەی ئەو برینە کۆنانە بێت کە لە خەونە ناخۆشەکان دەچن. ئێمەش هەوڵدەدەین دیمەنە ناشیرین و قێزەونەکانی شەڕ و تیرۆرو کاولکاری بەشێوازێك رێکبخەینەوە، کە بەڵێ کورد و عەرەب و مەسیحی و ئێزیدی و کلدو ئاشوری و کاکەیی و شەبەك و ئەوانیتر پێکەوە ئەو ژیانەی پێشووتر دەستمان پێکردووەو شانمان داوەتە ژێر خۆشی و ناخۆشییەکانی، دووبارە لێرە ئەو هیواو خۆشیانە هەڵدەچنینەوەو ڕۆحێکی نوێ بە بەرگی ژیاندا دەکەینەوە.

یەکێکی تر لە ئامانجەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە ئەنجامدانی ئاهەنگی بەکۆمەڵ و رێکخستنی ئیشوکارەکان بۆ بەیەکگەیشتنی کچ و کوڕەکان چ ئاوارە، چ پەنابەر، چ خەڵکی کەمدەرامەتی کوردستان، چ عەرەب، چ ئایینە جیاجیاکانی تر. هەوڵماندواوە لەم رێگەیەوە ئەو پەیامە دووبارە بگەیەنین کە هەرێمی کوردستانی عێراق لوتکەی ژیان و دووبارە هەستانەوەیە و ئیدی ئێرە جگە لە پەنادان و لەخۆگرتنتان، دەتوانێت خێزان و باری کۆمەڵایەتیتان بەشێوازی نوێ و مۆدێرن بۆ بونیاد بنێتەوە.

بێگومان دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەشێکی زۆری پرۆژەکانی، بەهاوبەشی و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە مرۆییەکان و وڵاتانی کۆمەکبەخش و هاریکار ئەنجام دەدات. جێبەجێکردنی هەر پرۆژەیەك کاریگەری و شوێنی خۆی لەکاتی جێبەجێکردنەکەدا دەبێت. زۆر پرۆژەی گرنگمان لەگەڵ ژمارەیەك وڵات و کونسولگەری و ڕێکخراوی خێرخوازیی و مرۆیی جیهانییەکان بە ئەنجام گەیاندووە و بەهۆیەوە دەیان هەزار خێزان و تاك بەتێکڕا سودمەندبوون.

یەکێك لەو وڵاتانەی کە دەزگاکەمان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی زۆر پشتی پێدەبەستێت، وڵاتی ئیماراتە. ئەم وڵاتە لەڕێگەی کونسولگەرییەوە لە شاری هەولێر لەزۆر بواری جۆراوجۆری خێرخوازیی و مرۆییدا لە کوردستان بە هاوبەشی لەگەڵ دەزگا ئەنجامداوە. دەوڵەتی ئیمارات لە زۆر بارودۆخی ناخۆش و تەنگانەدا بەفریای گەلەکەمانەوە هاتووە جێگەی سوپاس و پێزانین و قەدرزانینە. لەسەروبەندی تێکچوونی بارودۆخی سیاسی وڵاتانی دراوسێ و عێراقیش بەگشتی، دەوڵەتی ئیمارات بەوپەڕی لەخۆبوردوویەوە بە ئیمکانیاتێکی زۆرەوە دەیان پرۆژەی گرنگی خێرخوازیی و ژیاندۆستی و پەروەردەیی و کولتوری و هونەری ...هتد لە هەرێمی کوردستانی عێراق ئەنجامداوە کە گرنگترین پرۆژەش لەخۆگرتنی زیاتر لە 5 هەزار منداڵی بێباوك (ئازیزان)ە کە بەردەوامن لەگەڵمان و ئومێدی زیاتریان لێ چاوەڕوان دەکەین. ئیمارات بەو هەنگاوانەی ئەنجامیداوە جێگەو پێگەی خۆی لە کۆمەڵگای کوردستاندا کردۆتەوەو ماندووبوون و هەوڵە بەردەوامەکانیان لەبیر ناکرێن. هاوکات بۆ خزمەتگەیاندن بە ئاوارەو پەنابەرانیش، دەوڵەت و کونسولگەری دەوڵەتی ئیمارات لە تروپکی خزمەتکردن بووە لەبوارەکانی تەندروستی، خۆراکی، پەروەردەیی هاوکاری پێشکەشکردووە بە بە کۆمەڵگاکەمان بەتایبەتی و بۆ ئاوارەو پەنابەران، ئەوانەی لە کەمپ و دەرەوەی کەمپەکانی هەرێمی کوردستاندا نیشتەجێبوونە.

ئەم پرۆسەیەی هاوسەرگیری بەکۆمەڵ نمونەیەکی جوان و خنجیلانەبوو کە دەستی کچ و کوڕە لاوەکانمان بە ئاوارەو پەنابەرو نەتەوەو ئایینە جیاجیاکان دەگرین و بۆ دەستپێکردنی ژیانێکی نوێ و چیرۆکێکی نوێ لە ژیانێکی نوێدا دەست پێ بکەن و ئەو دیمەنە تراژیدیاو ناخۆش و مەرگەساتانەی لە زهنیاندا قەتیس مابوون لەبیر بکەن.

BCF

BCF
BARZANI CHARITY FOUNDATION
بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەین
نرحب بالضيف الكرام
Welcome to honoura

بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی هاوسەرگیری بەکۆمەڵ، رێوشوێنی گرنگ و پێویست گیراوەتەبەر.، بێگومان هەر پرۆژەیەك پێویستی بەگرتنەبەری ئەو جۆرە رێوشوێنانە هەیە، چونکە پێویستی بە کاری هەماهەنگ و رێکخستنی ئیشوکارەکان و چۆنێتی ئەنجامدانی پرۆژەکە هەیە. ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی ئیمارات پێکەوە رێککەوتین کە لەرێککەوتێکی دیاریکراوداو لە شوێنێکی شایستەدا ئەو پرۆسە گرنگ و پیرۆزە ئەنجام بدەین و ببێتە جێگەی رەزامەندی هەموولایەك.

لەو ئاهەنگە خنجیلانەدا هەریەکە لە نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێرو د.محەمەد عەتیق ئەلفەلاحی ئەمینداری گشتی مانگی سووری ئیماراتی وتەیان پێشکەشکرد.

نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر:

رێکخستنی ئەم ئاهەنگە پێویستییەکی هەنووکەییە بۆ ئەوەی بتوانن ژیانێکی نوێ دەستپێ بکەن و لەو کێشانەی هاتونەتە پێشیان دووربکەونەوە

سەرەتا نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر وتەیەکی پێشکەشکردو تیشکی خستەسەر ئەم پرۆژەیەو وێڕای بەخێرهاتنی ئەمینداری گشتی مانگی سووری ئیماراتی و میوانەکان، ئاماژەی بەوەکرد ئەمڕۆ دەزگای خێرخوازیی بارزانی و مانگی سووری ئیماراتی ئاهەنگی هاوسەرگیری بەکۆمەڵ بۆ کۆمەڵێك ئاوارەو پەنابەر و خەڵکی هەرێمی کوردستان لەنێوانیان موسڵمان و کریستیانەکان رێکخراوە، ئەرکێکی پیرۆزو پڕ بایەخە و پێویستییەکی هەنووکەییە بۆ ئەوەی ئەم کچ و کوڕانە بتوانن ژیانێکی نوێ دەستپێ بکەن و لەو بارودۆخە پڕ لە قەیراناوی و ژیانی سەختی ئاوارەییەی تێیدان دووربکەونەوە. ئاماژەی بەوەشدا، جێی دەستخۆشییە ئەم هاوکاری و یارمەتیدانەی کچ و کوڕانە بۆ ئەوەی بتوانن ژیانێکی نوێ پێکبهێنن و ئەو یارمەتییە داراییانەی بۆ بەڕێوەچوونی ئەم پرۆسەیە پێشکەشیان کردوون، جێی بایەخ و پێزانینە. هیواو ژیانێکی درێژ و سەرکەوتوویان بۆ دەخوازین، سوپاسی مانگی سووری ئیماراتی دەکەین بەهەماهەنگی لەگەڵ دەزگای خیرخوازیی بارزانی بەردەوام لەناو کەمپ و دەرەوەی کەمپەکان هاوکاریی زۆری ئاوارەکان دەکەن و چەندین پرۆژەی گرنگیان ئەنجامداوە و هیوای تەمەنێکی درێژیان بۆ دەخوازین.

د.محەمەد عەتیق ئەلفەلاحی، ئەمینداری گشتی مانگی سووری ئیماراتی:

ئیمارات پەیامی خۆی ئاوا دەنێرێت کە ئێمە بەشداری خۆشی و ناخۆشیەکانتان دەکەین و لەگەڵتانین

دواتر لە لایەن دکتۆر محەمەد عەتیق ئەلفەللاحی ئەمینداری گشتی مانگی سووری ئیماراتی وتەیەك پێشکەشکرا کە تیایدا ووتی: پیرۆزباییتان لێدەکەم، هەروەکو چۆن بەشداری خەمەکانتانمان کردووە بەهەمانشێوە بەشداری خۆشیەکانیشتان دەکەین ئیمارات پەیامی خۆی ئاوا دەنێرێت کە ئێمە بەشداری خۆشی و ناخۆشیەکانتان دەکەین و لەگەڵتانین و هاوکاریتان دەکەین. هەروەها لە وتەکەیدا ئاماژەی بەوەشکرد، سوپاسی تایبەتیمان هەیە بۆ دەزگای خێرخوازیی بارزانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێز پارێزگاری هەولێر بۆ هاوکارییەکانیان بۆ ئێمە بۆ بڕینی هەموو ئەو بەربەستانەی هاتۆتە رێمان لە سەرەتاوە.

موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی:

ئەوەی جێی خۆشحاڵییە خەڵکی ناوخۆو ئاوارە و پەنابەران بە نەتەوەو ئایین و مەزهەبە جیاوازەکان لەم پرۆسەیەدا بەشداریانکردووە

گرنگی ئەم ئاهەنگە دەنگدانەوەیەکی گەورەی لەمیدیا و ناوەندەکانی راگەیاندنی کوردیی و عەرەبیەکاندا دایەوەو بووە جێی بایەخ و بەپرۆژەیەکی سەرکەوتوو و پێویستیەکی هەنووکەییان لەقەڵەم دەدا. لەمیانی لێدوانێکی بۆ میدیای کوردی، موسا ئەحمەد، سەرۆکی دەزگای خێرخوازی بارزانی، رایگەیاند: ئەوەی ئەمڕۆ یەکێکی تری لە کارە جوانەکانی دەزگای خێرخوازی بارزانی، بەهاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی مانگی سووری ئیماراتی، کە جێی خۆیەتی لەم بۆنەیە سوپاسییان بکەین کەوا لە هەموو لایەنەکانی ژیانی ئەو ئاوارانە بەشداریان کردووە، جگە لەوەش لە زۆر کاری تری هاوکاری هەژار و کەمدەرامەتەکان و هاوکاری ئێمەیان کردووە.

سەرۆکی دەزگا ئەوەشی خستەڕوو: بەداخەوە لەبەر ئەو بارودۆخەی کە هەیە زۆر زۆری ناخۆشمان لەگەڵ ئاوارەکان بەسەر بردووە، بیرمان کردەوە کە ڕۆژێکی خۆشیش دروست بکەین، بۆ ئەوەی لەگەڵیان ڕۆژێکی خۆش بەسەر ببەین. گوتیشی: 107 بووک و زاوا زەماوەندیان بۆ دەگێڕدرێت. ئەوەی جێی خۆشحاڵییە هەموو ئەو پێکهاتانەی ئاوارەبوونە و ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە بە ئاوارە و پەنابەرەکانیشەوە بەشدارن، وەک ئاوارەکانی کوردستان، موسڵ، برایانی شەبەک، کریستیان، کوردی ئێزیدی و خەڵکی خۆجێی کوردستانی تێدایە. هەروەها خانەوادەکانیان بانگهێشتکراون و کۆمەڵێک پێداویستی ناوماڵ و پێداویستی ڕۆژی زەماوەندەکە و جگە لەوەش هەریەک لەو بووک و زاوایانە، دیارییەکی تایبەتیشیان بۆ ئامادەکراوە، هەموو ئەو ئەرکانەش لەسەر مانگی سووری ئیماراتییە بە سوپاسەوە، ئێمەش کاری ئیدار و ڕێکخستنی بۆنەکەمان لە ئەستۆ گرتووە.

دواتر لەلایەن تیپە میللییەکانی هەولێر (سەنتەری قەدری جان)ی سەر بە دەزگای خێرخوازیی بارزانی و ژمارەیەک گروپی هەڵپەڕکێ وە نمایشی ڕەنگاوڕەنگ و هونەریی سەرنجڕاکێشیان پێشکەشکرد.

بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی ئاهەنگی بەکۆمەڵ، دەزگای خێرخوازیی بارزانی و مانگی سووری ئیماراتی بیریان لەوە کردەوە کە زۆرترین بەشداربوو لە نەتەوەو و ئایین و مەزهەبە جیاجیاکان بە ئاوارەو پەنابەریشەوە بەشداریی تێدا بکەن و نمونەیەکی جوانی پێکەوەژیان و دەستپێکی ژیانێکی نوێ بەرجەستە بکرێت. بۆ ئەو مەبەستەش لە پرۆگرامەکانی ئامادەکاری و لەکاتی راگەیاندنی هەڵمەتەکەدا و بڵاوکردنەوەی لەناوەندەکانی راگەیاندن، ژمارەیەکی زۆر لە کچ و کوڕی دەستگیراندار پەیوەندییان بەو بانگەوازەوە کرد و بە دەرفەتێکی زۆر باشیان زانی کە بتوانن لەو رێگەیەوە ئەو پرۆسەیە تەواوبکەن کە بەهەر هۆیەك بووبێت لەمپەریان لەبەردەمدا دروستبووەو تاکلایەنە ناتوانن پرۆسەکە جێبەجێ بکەن و لەلایەن دەزگای خێرخوازیی بارزانییەوە جلوبەرگ و ئارایشتگاو بڕی (250$) بۆ هەر بووك و زاوایەك تەرخانکرا بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو پێداویستیانەی هاوسەرگیری. بۆ ئەو مەبەستەش دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەپێویستی زانی لەو ئاهەنگە بەکۆمەڵەدا سەرجەم ئایین و نەتەوەو مەزهەب و ئایینزاکان بەشداری لەو مەراسیمەیەدا بکەن. ئامانجی سەرەکی ئەو پرۆسەیەش بۆ ئەوەبوو کە لێکتێگەیشتن و خۆشەویستی و متمانەبەخۆبوون و یەکترناسینی نەتەوەو زمانە جیاوازەکان لەنێوانیاندا دروست ببێت و ببێت لە کلتورێکی نوێ لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا و نمونەیەکی پێشکەوتوو و جوانیان پێشکەش بکرێت.

بەشێوەیەکی گشتی سەرجەم ئەو رێکاری و ئامادەکارییانەی ئەنجامدران ژمارەیەکی زۆر کە گەنجان بە کچ و کوڕەوە لە کەمپ و دەرەوەی کەمپیشەوە پەیوەندییان بەو پرۆسەیەوە کرد، کە لێرەدا بەپێی شوێنی نیشتەجێبوونیان لە کەمپەکاندا دەخەینەڕوو:

کەمپی ئاوارەکان

لەم کەمپانەدا زۆربەی دانیشتوانەکەی ئاوارەی خوارو ناوەڕاست و ناوچەکانی تری عێراقن و بەهۆی شەڕەوە ئاوارەبوون و رووبان لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستان کردووە، بەگشتی دانیشتوانی ئەم کەمپەکان کە لە خوارەوە بە خشتەیەك ئاماژەی پێدەدەین لە نەتەوەی عەرەبن و بەشداربیان لە پرۆسەی هاوسەرگیری بەکۆمەڵدا کردووە، کە لێرەدا ژمارەی بەشداربووان بەپێی کەمپی ئاوارەکان 31 بوك و زاوا بەشداربیان کرد، بەم جۆرە رووبنترکراوەتەوە:



کەمپی پەنابەران

لەم کەمپانەدا زۆربەی دانیشتوانەکەی رۆژئاوای کوردستانن ـ سوریا. کە بەهۆی شەڕەوە ئاوارەبوون و رووبان سنورەکانی هەرێمی کوردستان کردووەو لە کەمپەکاندا گیرساونەتەوەو مالّ و حاڵیان پێکهێناوە. بەگشتی دانیشتوانی ئەم کەمپەکان کە لە خوارەوە بە خشتەیەك ئاماژەی پێدەدەین لە نەتەوەی کوردن و بەشداریان لە پرۆسەی هاوسەرگیری بەکۆمەڵدا کردووە، کە تێیدا 4 بوك و زاوا بۆ ئەو پرۆسەیە بەشداریان کردووە، بەمشێوەیەبووە:



دەرەوەی کەمپەکان

رێژەی بەشداربووان لە دەرەوەی کەمپەکان و لەشارەکان بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری بەکۆمەڵ، بەشێوەیەکی بەرفراوان بەشداریان تێداکردوە، هەر لە نەتەوی کورد و عەرەب، هاوکات کریستیانەکانیش لەو پرۆسەیەدا بێبەش نەکراون، شێوازی دابەشکاری شارەکان و رێژەی بەشداربووان 74 بوك و زاوابوون بەمشێوەیە روونتر کراوەتەوە:



پاش بەڕێوەچوونی پرۆسەی هاوسەرگیری بەکۆمەڵ بۆ 214 کچ و کوڕ، لەلایەن دەزگای خێرخوازیی بارزانی و مانگی سووری ئیماراتەوە چەندین پێداویستی گرنگ و پێویستی ناوماڵە بۆ ئەو خێزانە تازانە دابینکرا کە تازە ژیانی نوێیان پێکهێناوە. کە بۆ هەر خێزانێك شەش جۆرە پێداویستی دابینکرا، لەوانە:

پێداویستی	ژمارە پێداویستی
بەفرگر	1 دانە
سیسەمی نوستن	1 دانە
دۆشەك و بەتانی	4 دانە
جلوبەرگ	4 دانە
پارسێلی خۆراك	2 دانە

بۆ هەر پرۆژەو پرۆسەیەکی گرنگ کە ئەنجامدەدرێت، پێشەکی بیر لەوە دەکرێتەوە دەرەنجامەکەی چۆن دەبێت؟ بێگومان بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم دەرەنجامەش پێشەکی شیکردنەوەو ڕاڤەکردنێکی تێرو تەسەلی پرۆژەکە پێویستە. لە پرۆسەی هاوسەرگیری بەکۆمەڵدا کە 214 کچ و کوڕی گەنج بەشدارییان تێداکردو بەرەو ژیانێکی نوێ هەنگاویان نا. دەرەنجامی گەش و ئومێدبەخشی لێ چاوەڕێ دەکرێت و پرۆسەیەك بوو کە بەشێوەیەکی گشتی ئامانجەکەی پێکا، چونکە بەهۆی قەیرانی دارایی و نەبوونی هەلیکارو ئەو کێشەو ئاریشانەی دێنە پێش پرۆسەی هاوسەرگیری، زۆر گیروگرفت و لەمپەری دەستکرد بۆ گەنج و لاوەکان دروست دەبێت.

بۆ خوێندنەوەی تێرو تەسەلی ئەو کێشەو گرفتانە بێگومان پێویستی بە دیراسەکردن و ڕاڤەکردنێکی ورد هەیە. لێرەدا ئەوەی بەگرنگی دەزانین ئاماژەی پێبدەین، لەم ئاهەنگی بەکۆمەڵەدا دەرفەتێکی گەورەو زێڕین بۆ ئەو کچ و کوڕانە ڕەخسێنرا کە بەهۆی یەکێك لەو گرفتانەی سەرەوەی باسمانکردن، بتوانن بەسەریاندا زاڵ بن و هاوکاری و پاڵپشتی یەکجار گەورەی ئەو خانەوادانە بکەین کە بەهۆی لەمپەرەکانی ژیانەوە ماوەیەکی زۆر لەپرۆسەی دەستگیرانداریدا مابوونەوەو کێشەیان بۆ دەهاتەپێش و چاوەڕوانی کرانەوەی دەرگایەك بوون بەڕوویاندا. دەتوانین ئەم شیکردنەوەیە بۆ خێزانێکی ئاوارە یاخود پەنابەر یان کەمدەرامەت شرۆڤە بکەین و دەرەنجامەکەی ببینین. بێگومان ئەوانەی لە ژیانی ئاوارەییدا دەژین کێشەو گرفتی زۆر دێنە ڕێگەیان، پەنابەرانیش بەهەمانشێوە بەدەست دەیان گرفتەوە دەنالێنن. بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری و دەرفەتدان بەرەو دروستکردنی ژیانێکی نوێ و پێکهێنانی خێزان، پێویستی بە دەستگرتن و هاوکاریکردن و یارمەتیدان هەیە، ئەوەبوو دەزگای خێرخوازیی بارزانی و مانگی سووری ئیماراتی بوونە فریادڕەسیان لەو تەنگ و چەڵەمە کۆمەڵایەتیە چەقبەستووە دەریانهێنان و دەرگای ژیانێکی نوێیان بۆ کردنەوەو دوا قۆناغی پرۆسەکە تێدەپەڕێنن و لە ماڵێکی خنجیلانەدا دەست بە ژیانێکی نوێ و نووسینەوەی چیرۆکێکی نوێ بکەن.

BCF
BARZANI CHARITY FOUNDATION

الهلال الأحمر الإماراتي
Emirates Red Crescent

نكتب قصة حياة جديدة معا

تنظيم عرس جماعي من قبل مؤسسة بارزاني الخيرية
والهلال الاحمر الاماراتي

اسم المشروع: العرس الجماعي
طبيعة المشروع: مشروع ديني و اجتماعي
الراعي الرسمي: الهلال الاحمر الاماراتي
سنة الطبع: 2017

المكتب الرئيسي للمؤسسة: أربيل-طريق شورش-بجانب كنيسة مار قرداغ الشهيد	Tel: +964 07504031000 -07504031001
مكتب اربيل : أربيل-طريق شورش-قرب كنيسة مار قرداغ الشهيد	Tel: +964 07512613030
مكتب كركوك: كركوك- نور ستي- رقم الدار(168)	Tel: +964 07515040837
مكتب السليمانية: حي آشتي-قرب تقاطع خاله حجي-بجانب مذبحة قبادي	Tel: +964 07501035001_07501035002
مكتب دهوك: حي تناهي- مقابل جامعة نوروز	Tel: +964 07508196670 -07508196671
مكتب گرميان (كلار): كلار-حي شهداء-مقابل مستشفى شيره نقيب	Tel: +964 07706843483_07706969910 - 07703517306
مكتب شنگال: محافظة نينوى-جبل سنجار	Tel: +964 07511720451

@barzanifoundation
barzanifoundation
Barzani Charity Foundation
Barzani Charity Foundation
@barzaniCF
www.bcf.krd
info@bcf.krd

الشكرو التقدير

كانت مؤسسة بارزاني الخيرية ولا تزال تقدر المساعدات والاعانات للمنظمات الخيرية والدول المانحة وتشكرهم لما يقدموه وتقدره، هذه المنظمات التي كانت سندا للمؤسسة في وقت الشدة ونفذوا معنا مشاريع مهمة وناجحة وافادت كثيرا من الناس المحتاجين بمختلف اطيافهم. ان انجاح اي مشروع يحتاج الى اجواء مهيئة وخطوات جدية وتتبع ما يؤدي الى انجاحه، في هذه المراسيم الخاصة التي نظمت ل 214 شاب وشابة الذين تواصلوا كـ 107 عرسان. هذه الخطوة من الناحية الاجتماعية جديرة بالتقدير والاهتمام، وهذا من اجل بدء حياة جديدة وبعيد عن المشكلات والمعوقات التي تواجه النازحين والمهاجرين. لذا نرى من واجبنا ان نقدم شكرنا وعرفاننا لدولة الامارات وقنصلية الامارات، الذين كانوا معنا في تنفيذ مشاريع مختلفة ومثالية وكانوا شركاء حقيقيين لمؤسسة بارزاني الخيرية ونتمنى لهم الموفقية والسداد.

مؤسسة بارزاني الخيرية، مؤسسة غير حكومية وغير سياسية وغير ربحية، تأسست عام 2005 في أربيل العاصمة، السيد مسرور بارزاني هو رئيس الهيئة التأسيسية للمؤسسة ويشرف على أعمالها بشكل مباشر.

أخذت مؤسسة بارزاني الخيرية الإجازة من الحكومة العراقية وحكومة إقليم كوردستان لتبدأ أعمالها الخيرية ضمن منظمات غير حكومية. ان توسيع أعمال المؤسسة ونشاطاتها وإغاثتها للنازحين والمهاجرين، داخل حدود إقليم كوردستان وخارجه، دفع المنظمات العالمية المشهورة ان تعقد علاقات وثيقة معها وتكون على تعاون وعلاقة وثيقة معها. إن التقدم في علاقات مؤسسة البارزاني الخيرية ونظامية عملها كان سببا في اصدار قرار جعل مؤسسة بارزاني الخيرية -غير الحكومية- عضوا استشاريا خاصا في مجلس الاقتصادي والاجتماعي (ايكوسوك-ECOSOC) التابع للأمم المتحدة بعد الاجتماع الاداري المنعقد بالتعاون مع الامم المتحدة في شهر إبريل عام 2016.

تعمل مؤسسة بارزاني الخيرية في الأساس على إيصال المساعدات للمعوزين والمنكوبين والنازحين واللاجئين، وتهتم بتحسين قطاع التربية (خاصة تربية الاطفال) وتحسين الوضع الصحي وتجهيز احتياجات المعاقين في إقليم كوردستان.

كما سميت مؤسسة بارزاني الخيرية باسم (البارزاني الخالد)(1903-1979)، كذلك جعلت من قول هذه الشخصية السياسية والقومية والاجتماعية والتاريخية: ((أنه لموضع فخر أن يكون المرء في خدمة شعبه))، أساسا لعمل المؤسسة وفلسفتها، وهنا، يكون الانسان مركزا رئيسا لمشاريع مؤسسة بارزاني الخيرية، وهذا الانسان في أي مجتمع كان أو في أية رقعة جغرافية، ومتى ما احتاج الى مساعدات في قطاعات (غذائية، تربوية، ثقافية، صحية، اجتماعية وفنية) رأت مؤسسة بارزاني الخيرية من واجبه ان تقدم المساعدات دون ان تقتصر في ذلك.

كان تأسيس (مؤسسة بارزاني الخيرية) حاجة آنية في إطار وجود مؤسسة خيرية محلية في إقليم كوردستان لمساعدة الفقراء والمعوزين، واستطاعت المؤسسة منذ تأسيسها ان تملأ هذه الفجوة. وبعد أن ساءت الاوضاع الآمنة في بعض المناطق في الشرق الاوسط، خاصة جنوب العراق ودولة سوريا الجارة، احتاج النازحون والمهاجرين الى مساعدات كثيرة مثل (الغذاء والملابس والدواء وأدوات صحية.. الخ.). ويوما بعد آخر وخلال برنامج منظم ومرتب قدمت المؤسسة خدمات كثيرة للمحتاجين في قطاعات ومجالات مختلفة.

اعتمدت مؤسسة بارزاني الخيرية لتنفيذ هذا العمل المبارك على الناس الخيرين ومحبين للانسانية في كوردستان، بصورة عامة نستطيع القول أن الناس الخيرين والاغنياء يستحقون الشكر والتقدير في كوردستان لتعاونهم في تنفيذ مشاريع هذه المؤسسة، فضلا عن ذلك تقوم المؤسسة بمشاريعها بالتعاون مع هيئات الأمم المتحدة والمنظمات الخيرية والانسانية الدولية منها و المحلية والدول المانحة. ونتيجة لهذا التعاون تقدم المؤسسة يوميا المساعدات لنازحي ومهاجري دولتي سوريا والعراق.

تقع مكتب مؤسسة بارزاني الخيرية في اربيل ولديها مكاتب اخرى في محافظات (دهوك، اربيل، سليمانية، كركوك)، وفي إدارة كرميان و مدينة سنجار وفي جميع المخيمات لديها مكاتب أو مراكز أو ممثل. والمؤسسة تقوم بتنفيذ مشاريعها بواسطة فريق مختص ومحترف.

هذا المشروع احد مشاريع مؤسسة بارزاني الخيرية الذي نفذ بالتنسيق مع الهلال الاحمر الاماراتي، واستطاعت المؤسسة خلال المساعدات التي أمنت، أن تكون حياة جديدة لمئات الشباب والشابات من النازحين والمهاجرين باختلاف قومياتهم ودياناتهم.

إن مؤسسة بارزاني الخيرية تقوم بتنفيذ مشاريعها من خلال التنسيق مع المنظمات الانسانية والدول المانحة ولكل مشروع اهداف خاصة به. وقد نفذت المؤسسة عشرات المشاريع مع القنصليات والمنظمات االخيرية والانسانية، فنشكرهم جميعا لمشاركتهم معنا ونتمنى الاستمرارية في مشاركتهم.

نحن كمؤسسة بارزاني الخيرية نقدر مساعدات ومنح المنظمات الدولية الذين مدوا الينا يد المساعدة والتعاون في المحن والنكبات والاحداث غير المرجوة فكانوا نعم العون والسند الينا. نشكرهم ونقدر تعاونهم معنا فكانوا عونا لنا وسندا.

ونقدم شكرا خاصا لهلال الاحمر الاماراتي، الذي ساندنا في مشاريع كثيرة مثل مشروع رعاية الاعزاء (الايتام)، لمساعدة الاطفال الايتام. ونشكرهم في مساعدتنا في انشاء مستشفيات و توفير المستلزمات الصحية وتوفير الغذاء للنازحين وتنفيذ مشاريع كثيرة في خدمة الانسانية والتي تظهر فيها اثار ايديهم.

في هذا العرس المبارك الذي تزوج فيه 214 شاب وشابة فتحت أبواب حياة جديدة لهم هؤلاء الشباب لم يستطيعوا ان يبدأوا هذه الحياة الجديدة بسبب بعض معوقات كانت تقف امامهم في الحياة وجعلت من عملية الزواج ان لا تكتمل في حياتهم جاءت مؤسسة بارزاني الخيرية والهلال الاحمر الاماراتي لسد هذا الفراغ وملء الفجوات ويأخذوا على عاتقهم هذا المشروع الانساني والديني والاجتماعي ويحققوا حلم كل هؤلاء.

في احتفال مرموق اقيم في مدينة أربيل ، القيت مجموعة من الكلمات وباركوا هذا العمل الخيري وباركوا للجهة المنفذة لهذا العمل وللعرسان واهاليهم ، مع تقديم مجموعة من الاستعراضات المختلفة والدبكات واستمرت الى وقت متاخر. وبعد ايام من الاحتفال قدمت مؤسسة بارزاني الخيرية بالتعاون مع الهلال الاحمر الاماراتي احتياجات المنزل مثل (الثلاجة، وسائل النوم، الفرش، البطانية، الملابس، والسلة الغذائية) على العرسان الجدد.


214
مخيمات النازحين
مخيمات اللاجئين
خارج المخيمات
مخيم دیبكة
12
مخيم سيوديان
10
حسن شام
9
قوشتبة
1
كوركوسك
1
اربيل
69
كركوك
3
تكريت
2

الحرب لاتجلب معها غير الدمار والقتل، مع كثير من الكوارث الاخرى، هذه الكوارث على الرغم من انها امور خفية لكنها في الوقت نفسه امور مؤثرة وذات اثر كبير على النفوس في المستقبل، ومن يبقى داخل هذه المعارك ينقذ بمعجزة من بين هذه المدافع والدخان والقصف والدماء، كلما ازداد عدد الفقراء والمستضعفين والضحايا كلما تعقدت المشكلات اكثر، ولعلاج هذه المشكلات التي تواجه العائلة النازحة والمهاجرة ولو بشكل مؤقت او بدائي هناك طرق مختلفة تتبع لاجل ذلك، وهذا يعتمد على امكانية و كيفية التعامل مع منفذي هذه المشاريع.

داخل العراق اغلب الضحايا يكون من مخلفات التوترات السياسية والمذهبية والقومية والدينية، هؤلاء من يتشردون من منازلهم ويتوجهون نحو أماكن اخرى ويسمون بالنازحين، هؤلاء من يهربون من الموت والفناء ويربطون احلامهم بالمكان الذي يتوجهون اليه والذي يشعرون فيه بسلام ويجدون فيه حياة هادئة ومطمئنة. اقليم كوردستان مكان هادىء ومأوى للتعايش، الاوضاع في السنوات الخمس الماضية جعلت من هذه المناطق ان تكون في اتساع دائم كمأوى، مقارنة بالمناطق والدول المحيطة بنا يتضح لنا بان اقليم كوردستان منطلق اخر في اعادة تجديد الحياة. أي حياة ؟ هذه الحياة التي يهاجر اليها الناس في كل مكان ويختارونها كمأوى وملاذ امن للبدء بحياة جديدة.

كان اقليم كوردستان العراق وما يزال مكانا للتعايش بين الديانات والقوميات والمذاهب والافكار المختلفة. والان بسبب تدهور الاوضاع في المناطق المختلفة في العراق واستمرار المعارك والقتل وتهديد الارهاب، تتدفق يوميا عشرات العوائل والافراد من مناطق الصراعات ويتوجهون الى اقليم كوردستان.

حسب اخر احصاءات للمنظمات العالمية ان نسبة النازحين في العراق والذين يتجهون نحو اقلم كوردستان تتجاوز مليون ونصف مليون شخص، هذه النسبة الكبيرة تحتاج الى خدمات ومساعدات مختلفة والاعانة. صحيح ان بعض من النازحين يسكنون داخل المدن ويستطيعون ان يدبروا امورهم لكن الأغلبية من النازحين لايستطيعون ان يدبروا امور معيشتم ويذوقون طعم الحياة القاسية بحرها وبردها وكل صعوباتها. هؤلاء يحتاجون الى المساعدة ، لكن كيف نساعدهم؟ وماذا يحتاجون؟ وكيف يستطيعون ان يبدأوا بحياة جديدة؟ وما هي الخطوات التي يجب ان تتبع لتنظيم وتطوير وإعادة تكوين الفرد والعائلة النازحة؟ لاشك ان هناك كثير من الطرق تحتاج الى مشاريع وخطط وخارطة طريق، و تحتاج الى وقت طويل حتى تنفذ.

